کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 21:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نامەیەکی کراوە بۆ: بەڕێز جەنابی مام جەلال سکرتێری (ی.ن.ک) .. بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) ... شەپۆل گەرمیانی**

بەڕێزان/ تەکەتوولات وبیری تایەفەگەری لە نێو ریزەکانی حکومەت ویەکێتی بەجۆرێك گەشیی سەندووە وگەیشتووەتە رادەیەك ئەگەر بەئەندازەیەکی باش کاری بۆ نەکرێت رێگری و کۆسپ لە بەرانبەری دروست نەکرێت، خەریکە مەترسی لە سەر ئایندە وچارەنووسی گەلەکەمان ویەکێتی نیشتمانی دروست دەکات چونکە خاوەنی ئەو بیرانەی خویان لە حکومەت ویەکیتی وهەموو یاسا وریِّساو عورفێك بەگەورەتر دەزانن، بەتایبەت کەسانی پایە بەرزی حکومی وحیزبی بۆنموونە!
وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەست بەکاربوونی لە پۆستی وەزارەتی ناو خۆلەکارێکی گەورەی گەندەڵیدا وەلە ژێری کاریگەری تایەفە گەری، فەرمانی بۆگوندێکی عەشیرەتەکەی دا کەناوی (خان رۆستم اغای زەنگەنەیە) بکرێت بەناحیە، کەتەنها دوومالَی تیادا دەژی وهیچ مەرجێکی یاسایی نی یە بۆئەوەی ئەو گوندە بکرێت بەناحیە نەلەرووی دیمۆکرافی ونەلەرووی دانشتوانی نەلەرووی گرنگی ناوچەکەو کەشوینێکی بەرفراوان بێت دەکەوێتە نێوەندی سی ناحیەی تر (رزگاری، سەرقەلا، نەوجوول)
هەر زوو جگە لە دانانی بەرێوەبەری ناحیە، بنکەکانی پۆلیسی محەلی و پۆلیسی بەرگری شارستان و پۆلیسی دارستان و بنکەی ئاسایش بەزیاتر لە میلاکاتی خۆیان خەلکیان بۆ دامەزراندن بەلام مەرجێك هەبوو لە دامەزراندی ئەو خەلکە کەدەبێت لە ناسنامەی باری شارستانی لەقەبیان (زەنگەنە) بێت چونکە ئەو ناحیە دیاری وەزیری ناخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە!!! (شاباش وەزیری ناخۆ) شاباش (ماڵی ئاوای وەزیری ناخۆ) قورتان بەسەر ئەی ئەوانەی خەباتان کرد لەپێناو بەدیی هێنانی ئەو رۆژە قوربانیتان داوماندووبون هە وڵ وتەقەلای زۆرتان دا ئەی کەس وکاری شەهیدانی سەر بەرز وبی سەرو شوین کراوەکانی ئەنفال ئەی ئەوانی ماڵ ومنداڵ و سەرەوت وسامانیان وخانەوادەکیان بەگشتی کرد بەقوربانی شۆرش، خەونیان بەم حکومەت ودەبینی...
هەر بەهۆی ئەوبریارە سەقەت و نابەجی یەی وەزیری ناخۆ بەتێکدانی یاساکان وسیستەمی حکومەتی هەرێم نەوەستا بەلکو ئیستا بووتە مایە ی دروست کردنی سەر ئێشە بۆ کارەکانی رێکخستن لە ناوچەکە، پیاوان وتەکەتوول وچیەکانی وەزیری نا خۆو لە مەلبەندی پیشووی گەرمیان بەبریارێکی وەزیر ئاسا ئەو دوو ماڵەی دێی خان رۆستم ئەغایان کرد بەکۆمێتەی ریکخستن بەناوی (ئاوەسپی) وەلە هەلبژاردنەکانی ئەم دوایەی رێکخستنەکانی یەکیتی دا بۆگۆرینی تەرازووی هێز لە بەرژەوندی خۆیان کۆمیتەکەیان بەناشەرعی دروست کرد کەسەرجم ئەندامەکانی تێناپەرێت لە (200) ئەندام، ژمارەی پۆلەکانی رێکخستن تیادا تەنها (11) پۆلە نیوەی ژمارەی ئەو پۆلەنە لەدەرەوەی ئەو سنورەن کە دروست کراوە، بە ناوی ناحیەی ئاوەسپی. خەلکی ناوچەکەنین و قەرزیان بۆکردوون بەرێکەوت ومیوانیش نەچوونەتە سنوری کۆمیتە وناحیەکە.. بۆنمونە

1-دووپۆلی رێکخستنیان لە گوندەکانی (کارێزە، علاقوت) لەسنوری ناحیەی سەرقەلا.
2- سی پۆلی رێکخستنیان لە گوندەکانی (هەوارە رەقە، پیازە جار وسماق) لەسنوری ناحیەی رزگاری.
3- پۆلێکی رێکخستنیانی لە گوندی (فەقی مسەفا) لەسنووری ناحیەی سەنگاو.
4-لێپرساوی کۆمیتەکەشیان پێشتر ئەندامی کۆمیتەی رزگاری کەلار بووە ئیستاش دانشتووی رزگاریە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

واتا ئەو کۆمیتەیە لە سنووری دەسەلاتی خۆی تەنها پێنج پۆلی رێکخستنی هەیە، ئەمەیپێکهاتە وقەوارەی کۆمیتەیەکی سەر بەباڵی ریفۆرم، بەم شێوەیە لەکوردستان دەیانەوێت ریفۆرم لە کوردستان بکەن..

لە گەڵ رێزدا

شەپۆل گەرمیانی
2007/4/15
کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.